# ئەمرۆ تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی، جارێکی کە خەڵکی مەدەنی لەندەنی کردە نیشانەی تەقاندنەوەکانی!



نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk

هێشتا ترس و تۆقاندن و دڵەراوەکەی خەڵك و نیگەرانیان بۆ کەس و کارو دۆستەکانیان کە لەکارە تیرۆریستیەکەی دوو هەفتە لەمەوبەردا لەدەستیان چوو، تەواو نەبوبو، سیمای شاری لەندن هێشتا هەلومەرجێکی ئاسایی بەخۆیەوە نەگرتبوو، جارێکی کە ئیسلامی سیاسی خەڵکی مەدەنی ئەم شارەی کردە نیشانەو لەچەند تەقینەوەیەکی شەمەندەفەری ژێر زەوی و پاصەکانی ناوشاردا تەقینەوە تیرۆریستیەکانی خۆیان ئەنجامدا، ئەگەرچی خۆشبەختانە ئەم کارە تیرۆریستیە زەرەرێکی زۆری بەدوای خۆیدا نەهێنا، بەلام فەزای شاری لەندەنی کردە ناوەندیگ تیایدا کەترس و تۆقانی خەڵکی مەدەنی و منالآن، لەمەرگی ناکاو کوت و پردا کردۆتە بەشێکی ژیانیان...

تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسی بەم کردەوە دژی ئینسانی و خوێنریژیەیان دوپاتیان کردەوە بۆخەڵکی مەدەنی، کەژیانیان لەبەردەم خەتەری مەگدایە، ژیانێك کەرۆژانە بۆ پاروە نانێك ریگای دووورودریژی ناو شەمەندەفەرو پاص و کاری تاقەت پرۆکین دەگرنە بەر، ئەوان نیشانەی بۆمبەکان و خۆتەقاندنەوەکانی ئەمان ئەبن، کەهاوشیوەکانیان لەعیراق و کوردستان و لەندەن و جەزایر هەمان کار ئەنجام دەدەن.
ئەگەر کارنامەی سیاسی ئیسلامی سیاسی تیرۆرو ترساندن و کوشتن و تەقاندنەوەی شوینەگشتیەکان و خۆتەقاندنەوەو سەربرینی لاوان و سوکایەتی بیت بەژنان، ئەمە بەشیکە لەبەرنامەو ئایدۆلۆژی هەموو ئیسلامی سیاسیو لێی جیانابێتەوە، ئەوا روەکەی تری بەهێزکردن و کۆمەك کردنی ئیسلامی سیاسیە، لەلایەن حکومەتانێکی وەك حکومەتەکەی بلێرو بارزانی و تاڵەبانی، ئەگەر لە بەریتانیا بەهیزکردنی ئەم تیرۆریستانە بەبەهانەی فرەفەرهەنگی کۆمەك دەکرین و مزگەوت و قوتابخانەی دینی پیدەکەنەوە منالآنی پیٚ گۆش دەکەن و ژنان بەزۆر محاجەبەو تیرۆر دەکەن، ئەوا لەکوردستان حیزبەکانی بارزانی و تالەبانی لەژێر ناوی پیرۆز راگرتنی دینی ئیسلام و ئیحترام دانان بۆ مقدەساتی خەلکی کە ئیسلامە، ئەو ئیسلامیە تیرۆریستانە رادەگرن و بەهیزیان دەکەن، بەو حەرەکاتانەیان ئەو ئیسلامە تیرۆرستانە لەبەرامبەر سکولاریزم و مەدەنیەت و ژنان و لاوان لەکۆمەلگادا رادەگرن.

رۆشنە بۆ هەموو لایەك کۆتایی هینان بەتیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی، نەکاری ( بلێرو بۆش و بارزانی و تالەبانی ) ە، نە دەتوانن ئەو کارە بکەن، بەلکو ئەوە پیش هەموو کەسیك کاری ریزی ملیۆنی خەلکی سکولارو رادیکال و چەپ و کۆمۆنیست و ئینساندۆستە، کەدەبێت ئەم ریزە بەهیز بکەن و بێنە مەیدان، هەر ئیستا ئەو هیزەی کۆمۆنیستی کریکاری لەعیراق و کوردستان و ئیراندا بۆ ئەم مەبەستە لەمەیداندایە.

2005/7/21